کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 14-9-2007 1:44

## مام جەلال وەرە دەنگ و چیتر ئەو ناعەدالەتیە قبوڵ مەکە؟؟ ... محمد سیاسی ئەشکەنەیی




هەموو هەوڵ و خەبات و ماندووبونێك پێویستی بە پاداشت هەیە تاکو لە کاتی ئازادیدا مرۆڤەکانی پی پاداشت بکەن، بەڵام لەم وڵاتەدا نە ڕەچاوی خەبات دەکری و نەڕەچاوی تێکۆشان، نەپێشمەرگەی کۆنیش کەسی لەسەر وە دەنگ دی، چونکە گەندەڵیە، شەڕی تەکەتولاتە، شەڕی پارەیە، شەڕی دەسەڵاتە، شەری دروستکردنی ڤێلاو ئاپارتمانی گەورەو هێنانی ژنی دووەم و بە گرت دانی ئەوانەیە کە دەنووسن کە وڵات گەندەڵ و وێران بووە، کە حیزب تەداخولی حکومەت دەکات لەسلێمانی و حکومەتیش بێدەنگ بی هەڵوێست هیچ قسە ناکات، شەڕێکە حیزبیەکان و دەزگا پەیوەندی دارەکان پێمانی دەفرۆشن تا بمانکەن بە ئیتلاعات و پاراستن و بەو هۆیانەوە نانمانی پی دەبڕن، شەرێکە ئێمەی پێشمەرگە ئەبین بە خیانەتکارو تاوانبارو تۆمەتبار، هەر ڕۆژەو بەزمێکمان پی ئەگێڕن، جارێك ئەڵێن مەچوو بۆ ئەوی، جارێك ئەڵێن زبر ئەنووسی، جارێکیش ئەڵێن کە ئەنووسی ئاگایەکت لێمان بی، چونکە ئەم تەکەتول ڕقی لە تەکەتولەکەی ترە، گەر یەکێك لە هەر تەکەتولێك بگیری ئەوا تەکەتولەکەی خۆی ناتوانی بەرگری لی بکات چونکە نانمان کارمان ئازادیمان هەڵسوکەوتمان لە مرۆڤ ناچن جگە لە مرۆڤ لە هەموو شت ئەچن، شازدە ساڵە ئەڵێن یاسا سەروەرەو کەچی حیزبەکانن پێشێلی یاسا ئەکەن ئەوەتا بەبریارێکی مەکتەبی رێکخستنی یەکێتی کە لە (2007/8/14) بریار دراوە دوور بخرێمەوەو موچەکەم ببڕدڕی، زۆر پێم سەیرە من نەئەندامی رێکخستن و نەلە ژیانیشمدا لەکۆبونەوەیەکی حیزبدا بەشداریم کردووە، سوێندی ئەوە ناڵێم گەر بە تۆبزی نەیانهێشتبی بچمە دەرەوە دەنا من هەمیشە ڕقم لە کۆبونەوەی حیزب ی بووە چونکە دەرەنجامی کۆبوونەوەی حیزبی ئاوایە نە ئەندامەکانی خۆی دەناسی و نە دەشزانی چەند ئەندامی هەیە، چونکە من ئەندامی حیزب نەبووم کەچی لە نوسراوەکەی خۆیاندا کردیانم بە کادیری پلە یەك ئای حزبایەتی بۆیە حاڵی حزب جوانە کەس بە کەس نیە، چونکە مەکتەبی رێکخستن بی لێکۆڵینەو ەو بەدوا داچوون و ئاگادار کردنەوەم دەریان کردم نانیان بریم کە موچەی خانەنشینی یم هەیە لەسەر وەزارەتی دارایی دەبوو حکومەت نانم ببری نەك مەکتەبی رێکخستن و ئەو دەزگایەی ئەوی ی ئاگادار کردۆتەوە، کە هەر ئەو دەزگایەش منیان بی تاوان بە گرت داو گرت کەچی دوای پێنج مانگ و بیست و پێنج رۆژ کە بەربووم پێم وترا هیچت لەسەر نیەو بەبریاری دادوەر ئازادکراوی، گەر من ئیتلاعات بام یان پاراستن بام دەبوایە حوکمی ئیعدام درابام یان حوکمی هەتا هەتایی درابام، بەڵام بەربوونم بەڵگە بوو بۆ ئەوانەی کە پێم ئەڵێن جاسووسە، بەربوونم بەڵگەیە کە من پەنجاو پێنج رۆژو شەووی ئینفرادی نەیانتوانی بە زۆری و زۆردارەکی بمکەن بە جاسووس یان ئیهانەو ترس و تۆقاندنەکان ئەوانیش لە جیی خۆی، بۆیە داواکارم لەبەرێز مام جەلال بە شەخسی خۆی لێکۆڵینەوە لەم بابەتە دا بکات چونکە من بە هۆی ئەم غەدرە زۆرەی هەندی کادیری ناو دەزگای ئاسایش و دەزگای زانیاری و بریاری کوێرانەی عەسکەرتاریەتی مەکتەبی رێکخستن بی لێکۆڵینەوە دەرکرام نام بردرا کە من لە ساڵی 1985وە پێشمەرگەبووم، نەوەفای پێشمەرگایەتیان زانی نە وەك مرۆڤێکیش مامەڵەیان لەگەڵ کردم، چونکە نە دز بووم نە خیانەتم کرد نە ماستاویشم بۆ بەرپرسەکان کرد بۆیە قینیان لێمە تەنانەت هەوڵی کوشتنیشم ئەدەن، وائێستاکەش وەك مانگرتنێك

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

مالّم جی هێشتوەو بریارم داوە نەچمە مالّەوە چونکە ناوێرم لە مالّیش دابنیشم کە خەلّکانێك هەن تیرۆرم دەکەن، چاودێریم دەکەن، ئەوانە ئاسایش و دەزگای زانیاری بەکار ئەهێنن بۆ دژایەتی کردنی من، ئەگەر ئەوان راست ئەکەن با بە بەلّگەوە بە ئامادەبوونی نوێنەرێکی شەخسی سەرۆکی کۆمارو سەرۆکی هەرێم بم دەن بە دادگا کە من دادگا دوای شەش مانگ بێتاوان بوون ئازادی کردم، کەچی بی هۆ دەریان کردم کە منیش بەپی ی تەمەنی خۆم خەباتم کرد بۆ یەکێتی هیچیشم کەمتر نەکردووە لە کەسانی تر تاکو بە ئارەزوو نانم ببرن دواتریش لە رۆژنامەی هەوالّ سوك بکرێم کە ئەو رۆژنامەیە دەستی لەپشت نەبی چۆن ئەم کتابە سریە گەیشتە لایان و بلّاو کرایەوە، من لەسەردان کردنم بۆلای بەرێز کاك شۆرش ئیسماعیل و کاك دلێر ماوەتی و کاك رەهبەر سید برایم کە هەموویان ئەو کتابەیان لابوو کە بە تەعمیم بۆیان هاتبوو بۆ هەر یەکەیان یەکی دووسەعات و یەك سەعات لێیان پارامەوە کتابەکەیان تەنانەت نیشان نەدام و نەش دامی پێم نالّێن ئەم کتابە چۆن گەیشتە رۆژنامەی هەوالّ گەر دەستێك نەبی کە لەناو دەزگای زانیاری هەولّی لەناوبردنم ئەدات و زانیاری و ئاسایشیشیان ناشیرین کردووە بەهۆی ئەو کارانەیان کە هەقە بەرێز مام جەلال تەداخول بکات دەنا خەلّك زۆر بێزارەو چاوەرێی دەرفەت دەکەن بۆ راپەرینێکی تر چونکە ئێمەی کورد بۆ ئەوەی غەدرمان لی نەکرێت شاخمان هەلّبژارد دەتوخوا غەدرم لی مەکەن، کە ئێستا لە سیاسەری مەکتەبی رێکخستنی یەکێتی خێزانم و دوومندالّم جی هێشتوە لەترسی تیرۆر ناوێرم بچمەوە لایان مام جەلال گەر تۆش هەق بێژی وەرە دەنگ و چیتر ئەو ناعەدالەتیانە قبولّ مەکە.

(ئەندامی کارای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و نێودەولّەتی)

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلّاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.